## بەڕێزانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،
## بۆ دەبێت لە ڕۆژانی جەژن خوێنەر جەژنانەی پێنەدرێ؟

بەختیار بەکر / هۆڵەندا

پاش دەست خۆشیم لە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاران و ڕۆژانە لە خزمەتی خوێنەران دان، بە پێویستی دەزانم لە ڕێگەی ئەم نوسینەم چەند تێبینیەک بخەمە بەردەم خوێنەران بە گشتی و ستافی ڕۆژنامەکەش بە تایبەتی.

بەڕێزانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، من ئەرک و ماندو بوونی ئێوەی دڵسۆز بەرز ئەنرخێنم، ئەزانم ئێوە ماندوون و کارەکانتان یەکجار زۆرن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من وەکو خوێنەرێک لەبەر ئەوەی هەرگیز لە کارەکانتان بێزار نابم، تەنانەت لە ڕۆژانی جەژندا کاتێ بڕیاری دەرنەچوونی کوردستانی نوێ دەدەن، من هەست دەکەم بیری شتێک دەکەم.

من ترسم هەیە ستافی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کەم و زۆر بێ ئاگابن لە پەرۆشی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە یەکە یەکەی لاپەرەکانی ئەم ڕۆژنامە خۆشەویستە بە خۆشحاڵیەوە دەخوێننەوە، ئەگینا بۆ دەبێت لە ڕۆژانی جەژن خوێنەر جەژنانەی پێنەدرێ، خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە حەز و ئارەزوو دەرچوە، لە لای ڕێژەیەکی زۆر لە خوێنەرە دائیمیەکان بۆتە نانی بەیانیان و ڕۆژیان لا شەوە ئەگەر کوردستانی نوێیان نەخوێندبێتەوە. ئەم چەند ساڵەی دوایی لە گەڵ نەبێت، خۆ زۆربەی هەواڵ و وێنە و بابەتەکان گوزارشتیان لە بەد بەختی و کوشتنی ڕۆڵەی کورد بە دەستی دوژمنان و چەوسانەوەی گەلی کوردی زوڵم لێکراو دەکرد، بەڵام خۆش بەختانە لە دوای ئازاد کردنی عێراق بە پێچەوانەی پێشتر ڕۆژانە کۆمەڵێک بابەتی دڵخۆشکەر و گەشبینمان ئەخوێندەوە.

لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەم و تاکە داواکاریم ئاڕاستەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ستافی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکەم کە لە جەژنەکانی داهاتوو بێ کوردستانی نوێمان نەکەن، خۆ دەشکرێ لە ڕۆژانی جەژن بابەتەکان گوزارشت لە جەژن بکەن و بابەتی هەمەڕەنگ بڵاو بکرێتەوە، هەموو ئەو بابەتانە دەتواندرێ لە پێش جەژن ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی کارمەندەکانیش لە پیرۆز کردنی جەژن بێ بەش نەبن. ئیتر ماوە بڵێم جەژنی هەر هەمووتان پیرۆز و تەمەنی درێژ بۆ ئێوە و بۆ کوردستانی نوێ.